ئاقا هوما: ئەوەی زۆر ئازارم دەدات باوەڕ بەخۆنەبوونی کوردە

ئەگەرچی تا ئێستە تەنیا یەک پەرتووکی چاپکراوی هەیە، بەڵام میدیا و ناوەندی رۆشنبیریی کەنەدایی بایەخێکی دیاری بە "زایەڵەکانی نیشتمانەکەی دی"ی نۆبەرەی بەرهەمی ئەدەبی ژنە نووسەری کوردی نیشتەجێی کەنەدا "ئاقا هوما" دا. ئاقا کە لە تارانی پێتەختی ئێران لەدایک بووە و لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان گەورە بووە، دوو ماستەری لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و نووسینی داهێنەرانە لە ئێران و کەنەدا وەرگرتووە.

(باس) تۆرۆنتۆ

ئاقا پێیوایە هۆکاری ئەوەی کتێبەکەی کە لە حەوت چیرۆک پێکهاتووە، بووەتە جێی بایەخی راگەیاندنی کەنەدایی تەنیا لەبەر نێوەرۆکی چیرۆکەکانە کە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشی راستگۆیانەوە باس لە خەم و ناسۆر و خواست و هیواکانی خەڵکی کوردستان و ئێران دەکات، هەروەها تەکنیک و ستایلی نووسینی هوما هۆکارێکی تر سەرنجڕاکێشانی کەنەداییەکانە بەلای چیرۆکەکاندا کە ساڵی **2010** لەلایەن وەشانخانەی **TSAR** لە تۆرۆنتۆ چاپ و بڵاو کرایەوە.

نووسەری کەنەدی لویس سەبری لەبارەی ئاقاوە دەڵێ "نووسینەکانی ئاقا تێکەڵەیەکن لە دڵەڕاوکێ و جوانی، کەمتر گاڵتەجاڕییە و پتر ئومێدبەخشینە". سوزن مەکلیلاندی نووسەر و رۆژنامەڤانی کەنەدیش لەبارەی کتێبەکەوە دەڵێ "کتێبەکەی ئاقا هێندە سەرنجڕاکێشە کە دەستت بە خوێندنەوەی کرد، ئیدی وازی لێ ناهێنی هەتا تەواوی نەکەی".

لەبارەی ئەوەی ئایا ئەو پتر خۆی پێ ئێرانییە یان کورد، ئاقا بە حەسرەتەوە دەڵێ "خۆزگە من بە تەنیا کورد بام، بەڵام چی بکەم ئێستە کوردێکی ئێرانیم، ئەگەرچی پتر خۆم بە کورد دەزانم، بەڵام ناشتوانم نکوڵی لە ئێرانیبوونەکەشم بکەم. نکارم ئەوەش فەرامۆش بکەم کە من لە کوردستان گەورە بووم و زۆربەی خزم و کەسوکار و خۆشەویستەکانم لە کوردستان دەژین". ئاقا ئەگەرچی حەزی لە هەموو کولتوور و ئەدەبیاتێکە "بەڵام هیچ شتێک هێندەی میوزیک و شیعری کوردی کار لە روحی من ناکات".

> **پتر خۆم بە کورد دەزانم بەڵام ناشتوانم نکوڵی لە ئێرانیبوونەکەشم بکەم**

ئەو خانمە نووسەرە کوردە بە نیگەرانییەوە دان بەوەدا دەنێ کە زۆر ئاگەداری ئەدەبیاتی کوردی نییە، هۆکارەکەشی وەک خۆی دەڵێ ئەوەیە "چونکە وەک دەزانن لە کوردستانی ئێران رێگە بە خوێندن بە زمانی کوردی نادرێت". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاقا ئەوەی هەر لەیاد ماوە کە لە منداڵیدا زۆر حەزی لە خوێندنەوە بووە و باوکی کتێبێکی کوردیی بەناوی "ئەستێرەکان سڵاو"ی بۆ کڕیوە و بۆی خوێندووەتەوە، هەروەها لە تەمەنی هەرزەکاریشدا پوورەکانی (سوڕەییا و موحتەرەم) دیوانە شیعری کوردییان بۆ کڕیوە تا بیخوێنێتەوە. ئاقا دەڵێ ئەو زۆر بە شیعرەکانی هەژار و هێمن موکریانی و نووسینەکانی بەختیار عەلی سەرسامە.

مانگی رابردوو ئاقا بۆ یەکەمین جار سەردانی باشووری کوردستانی کرد، لەبارەی ئەوەی چی سەرنجی راکێشاوە دەڵێ "ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەو ئاوێتەبوونە بوو لە نێوان هاوچەرخی و نەریتی، دەوڵەمەندی و هەژاری، ئازادی و داخراوی، بەڵام ئەوەی زۆر ئازارم دەدات باوەڕ بەخۆنەبوونی کوردە".

هەروەها زۆر نیگەرانیشە لەوەی ژنانی کورد زۆر دەچەوسێنرێنەوە و پەراوێز خراون، بەڵام دەشڵێ "هەرچەندە پیاوی کوردی زۆر مێشک کراوەم دیتوون بەڵام دەتوانم بڵێم کۆمەڵگەی ئێمە زۆر توندوتیژە بەرامبەر ژنان، لە کاتێکدا دەبووایە بە پێچەوانەوە پیاوی کورد زۆر نەرمونیان بووایە بەرامبەر ژن و رێزی بگرتایە".

دواجار ئاقا بەسەرهاتێکی ناخۆش لە سەردانەکەی هەرێمی کوردستان بۆ (باس) دەدرکێنێ ئەویش کاتێک دەگەڕێتەوە بەرەو کەنەدا، لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر زۆر تەنگی پێهەڵدەچنن و جانتاکانی یەک بە یەک پێ دەکەنەوە، هەرچەندە ئەو بە کوردیش قسەی لەگەڵ کردوون و زانیویشیانە کە کوردە "ئەگەر ئەو کارەیان لەگەڵ هەموو گەشتیاران بکردایە کارێکی ئاسایی بوو، بەڵام بەداخەوە تەنیا لەگەڵ منیان کرد و زۆر رێزیان لە هاوڕێ چاوشین و قژ زەردە بیانییەکەم نا، بەڕاستی جێی داخە لە کوردستان، خەڵکی بیانی لە ئێمە زیاتر جێی متمانە و باوەڕ بێت. بیانییەکان تەنیا بۆ قازانجی خۆیان دێنە کوردستان، بەڵام ئێمە دڵ و گیانمان بۆ کوردستان لێدەدات، بۆیە هەق نییە بێڕێزیمان پێ بکرێت، بەتایبەتی لە پێش چاوی خەڵکی بێگانە".

> **بەداخەوە لە کوردستان خەڵکی بێگانە لە کورد زیاتر رێزی دەگیرێ**

ئاقا هوما

– لە تاران لەدایک بووە و لە سنە گەورە بووە.
– دوو ماستەری لە زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە زانستگەی عەلامەی تەباتەبایی لە تاران و نووسینی داهێنەرانە لە زانکۆی وینزەری کەنەدا وەرگرتووە. – ئێستە لە شاری تۆرۆنتۆی کەنەدا نیشتەجێیە و خەریکی کاری نووسین و دەرس گوتنەوەی ئینگلیزییە.

بۆ پەیوەندی کردن تکایە سەردانی www.avahoma.com بکەن.

کۆمەڵە چیرۆکی "زایەڵەکانی نیشتمانەکەی" دی

"ئەگەر نەتتوانی قەفەس بەجێ بهێڵی و بفڕی، ئەوە بە قەفەسەوە بفڕە"

خوێندنەوەی:
سەلاح حەسەن پاڵەوان

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە کچە نووسەری کوردی ئێرانی "ئاقا هوما" بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی، بەڵام کەشوهەواو کارەکتەرەکانی کەسانی رۆژهەڵاتین،

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە وەک لە ناونیشانەکەیدا دەردەکەوێت، برێتییە لە کۆمەڵێ دەنگی تایبەت کە لەنێو ئەدەبی رۆژئاوادا دەنگدانەوەیان نییە و نووسەر دەیەوێ لە رێگەی ئەم کۆمەڵەوە ئەو دەنگە نەبیستراوانە لەنێو هۆڵی مەزنی رۆژئاوادا دەنگ بداتەوە، ئەو سرکانەن لە نێوان قەرەباڵغییەکانەوە دەیانەوێ بگەنە بەردەم شارێکانی ژیان، هۆما بە کارەکتەرە ژن و پیاو و کچ و کوڕ، پەککەوتە و تەندروستەکانەوە دەیەوێ وێنەی ماڵێکی گەورەی ئێرانمان پیشان بدات، هۆما دەیەوێ وردە وردە بچێتە نێو دنیای پێکەنین و گریانی مرۆڤە دەست بەستراوەکانەوە، ئەو مرۆڤانەی ئەمرۆش لەو تاریکییەوە دڵیان پڕە لە رووناکی.

نووسەر ئەم کتێبە بە وتەیەکی سۆفییانە دەستی پێ کردووە کە دەڵێ "ئەگەر نەتتوانی قەفەس بەجێ بهێڵی و بفڕی، ئەوە بە قەفەسەوە بفڕە"، ئاقا ئەم کتێبەی پێشکەش کردووە بە هاوسەرەکەی ئیحسان کە وەک خۆی دەنووسێ گەورەترین پاڵپشت و هاوڕێی بووە.

چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵە لە 7 چیرۆک پێکهاتوون کە ئەمانەن "ئاوپرژێنەر، شەماڵی نێو قژم، رووبارێ لە شیر و هەنگوین، من یەکێکم لەوان، نەعلی شووشەیی، شاڵی ئاوریشم، تەنیا لە گوگووش دەچێ"، ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە 91 لاپەڕەیە و لە لایەن دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی"تە ستار بووکس" لە کەنەدا بڵاو کراوەتەوە.

AVA HOMA
ECHOES FROM THE OTHER LAND

لە خوێندنەوەیەکی وردی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە، بۆمان دەردەکەوێ خاتوو ئاقا هوما لە چوار تەوەری سەرەکیدا دەسووڕێتەوە، ئەو چوار تەوەرەش "مێ، یاسا، سیاسەت، کۆمەڵگە"یە، هەروەها لە سێ گرفتی گەورەش دەدوێ "هەژاری، ئیسلام، ئازادی".

زۆربەی رووداوەکانی نێو ئەم چیرۆکە، رەنگدانەوەی ژیانی هۆمان لەو شارانەی کە بەدەست هەژاری و شەڕ و ماڵوێرانییەوە دەناڵێنن، چیرۆکی یەکەمی ئاوپرژێن "نافوورە" باس لە دوو کارەکتەر "عەلی و ئەسی" دەکات کە بەدەست دووبارەبوونەوە دەناڵێنن، لە سەرتاپای ئەم چیرۆکە ئاشنا دەبین بە دیاردەکانی نەبوونی ئازادی لە جووڵە، لە مومارەسەکردنی خۆشەویستی لە سایەی وڵاتێکی ئیسلامیی وەک ئێران، تەنانەت خواردن و خواردنەوەکانیش ئازادییان بۆ دیاری کراوە، بیرەی ئیسلامی یەکێکە لەو ئاماژانەی کە چیرۆکەکە باسی دەکات.

پاشان باس لە خەونەکانی گەنج دەکات لە ئازادی و نەبوونی کەشوهەوایەک کە مانایەک بە ژیانیان ببەخشێ، عەلی هەوڵ دەدات ئەو راستییە روون بکاتەوە، باس لە دابڕان و بیرکردنەوەی نێوان "عەلی و ئەسی" و دوورکەوتنەوەیەک لە یەکتری بەهۆی کاریگەریی بیرکردنەوەی هەڵە لەسەر ژیانی هەردووکیان.

> **نووسەر دەیەوێ لە رێگەی ئەم کۆمەڵەوە ئەو دەنگە نەبیستراوانە لەنێو هۆڵی مەزنی رۆژئاوادا دەنگ بداتەوە**

چیرۆکی" شەماڵی نێو قژم" یان دەتوانین بە شێوەیەکی تر ئەو ناونیشانە وەرگێڕین "ئەو بایەی بەر قژم دەکەوێ" ئەم چیرۆکەش وەک چیرۆکی پێشوو هەمان ئەو گرفتانە دەخاتە کە لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵات پیاو پێوەی دەناڵێ، ئەویش قبووڵ نەکردنی ئەزموونی خۆشەویستیی ئافرەت و ویستنی ئافرەت وەک نموونەیەکی پاک و بێگەر و پاکیزە و دەست لێنەدراو.

رەزا و ئازەر دوو کارەکتەری ئەو چیرۆکەن، بەڵام نێوەندی گەورە لە نێواندایە لە رووی بیرکردنەوە و روانین بۆ ژیان و خۆشەویستی، ئازەر پێشتر پێوەندییەکی هەبووە و جیا بووەتەوە، ئەمەش کاریگەریی فیکری و رەوشتی لای رەزا بەجێ هێشتووە، رەزا تەنیا کەسێکە دەتوانێ بیبینێ ئەویش بە شەو کاتێ کە پۆلیسی ئایینی چاویان لێ نییە، بەڵام لە کۆتاییدا رەزا دەڕوا، ئەو پێی ئاساییە ئەو کارە دەکات، بەڵام پێی دەڵێ کۆمەڵگەکەی رێگە نادات بتوانێ بەسەر بیرکردنەوەی خۆیدا زاڵ بێت.

لە چیرۆکی "رووبارێ لە شیر و هەنگوین"، تووشی کۆمەڵێ باری کۆمەڵایەتیی سەیر دەبین، ئەوەی کە جێگەی سەرنجە، کەشوهەواو و کارەکتەرەکانی نێو ئەم چیرۆکە کوردن و رووداوەکانیش لە کوردستان لە شاری سنە روو دەدەن.

کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو ئەم چیرۆکە برێتین لە پاڵەوانی چیرۆکەکە کە "شەرمین"ە کچێکی تووشبوو بە نەخۆشیی سیندرووم داونە (مەنگۆلی)، هەروەها دایک و باوکی شەرمین، رووناکی پووری، ئازاد کوڕی گەڕەک و غەزاڵ جوانترین کچی ئەو گەڕەکە.

ئەم چیرۆکە هەندێ ئاماژەی بۆ چەوسانەوەی گەلی کورد لە ئێران تێدایە، بۆ نموونە نووسەر دەڵێ "پێیموایە خوا رقی لە هەموو ئەو خەڵکەیە کە لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئێران دەژین"، ئەمە بە رای ئەو، یان دەنووسێ "سنە شاری شۆڕش و کوشتنی بەکۆمەڵ و سەرکوتکاری و جینۆساید".

> **نووسەر نەیویستووە خۆی بە رستەی سەخت و درێژ سەرقاڵ بکات و ئەو شێوە نووسینانە بەکار بهێنێت کە خوێنەر ماندوو دەکات**

لەم چیرۆکە وردەکارییەکانی ژیان و خانووبەرە و جلوبەرگی کوردی و خواردن و دابونەریتی کوردەواری وێنا کراوە. بەسەرهاتی سەرەکیی ئەم چیرۆکە باس لە خەونی شەرمین دەکات کە ئارەزووی لە پێوەندیی خۆشەویستییە لەگەڵ ئازاد، بەڵام ئازاد وەک زۆربەی کورانی ئەو گەڕەکە خەون بە "غەزاڵ"ەوە دەبینێ، غەزاڵ ئافرەتێکی مۆدێرنی باڵابەرز و جوان، هەموو رۆژێ شەرمین لە باڵکۆنەوە تەماشای دەرچوونەکانی دەکات، کە چۆن کوڕان دوای دەکەون و چۆن لێژنەی کۆمیتەی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئەو لاوانە دەگرێت کە وەدووی ئەو کچە دەکەون.

شەرمین خەون بە خۆی و ئازادەوە دەبینێ، خەیاڵ دەکات پێکەوە لە نێو رووباری شیر و هەنگوین، تا ئەو ساتەی کە غەزاڵ شوو دەکات، ئازادیش دەبێتە سەرباز، شەرمین چیتر ئەو خەونەی لا نامێنێ، بەڵام ئەوەی کە روو دەدات لە کۆتاییدا جوانیی غەزاڵ و خەونەکانی لەناو دەچن، ئەو پیاوەی شووی پێ کردووە درۆزن دەردەچێ، غەزاڵ لەلایەن خێزانەکەیەوە دەدرێ بەو پیاوە بەو بیانووەی دەوڵەمەندە، بەڵام راستییەکان وا دەرناچن و دەردەکەوێ ئەو پیاوە خاوەنی دوو ژنی ترە، لە کۆتاییدا غەزاڵ دەگەڕێتەوە لای شەرمین دەردی دڵی خۆی بۆ باس دەکات و دەست بە گریان دەکات.

ئەم چیرۆکە لە رووی تەکنیکەوە لە چیرۆکەکانی تر نوێخوازیی تێدایە، بەڵام چارەسەرکردنی بابەتەکان لە رووی هەڵبژاردن و دایەلۆگەکانەوە نووسەری خستووەتە بەردەم بەرپرسیاری، زۆر لەو رووداوانەی کە نووسەر دەیەوێ لە رێگەی دایەلۆگی نێوان کارەکتەرەکانەوە بیخاتە روو، ئامانجی خۆی ناپێکێت، هەروەها زۆر لە بابەتەکان زۆر بە پەلە و سەرپێیانە قسەی لەسەر کردووە، وەک ئازادیی پێوەندیی ژن و پیاو لە کۆماری ئیسلامیدا.

نووسەر لە رێگەی چیرۆکەکانییەوە هەندێ ئاماژە دەخاتە روو، وەک باسکردنی مافەکانی ژن و چەوسانەوەی مرۆڤ، تەنیایی مرۆڤ و خەونەکانی، لە زۆر شوێندا باسکردن لە سەرپۆش دووبارە بووەتەوە، مانتۆ، سەرداپۆشین، رێزگرتنی یاسای ئیسلامی، هەروەها زۆر ئاماژەی تێدایە کە چیرۆکنووس دەیەوێ ناڕاستەوخۆ باس لە دۆزەخی ژیان لەو وڵاتە بکات، زۆربەی کارەکتەرەکان لە چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەدا ترسی ئەوەیان هەیە هەڵەیەک لە پۆشینی جلەکانیان هەبێت.

نووسەر خۆی لە هەندێ بابەت دەدات کە زۆر کەم لە چیرۆکنووسە ئافرەتەکانی ئێران ئەو بابەتەیان وروژاندووە، وەک بابەتەکانی (هاوتووخمبازی، گرفتی سێکسی، بابەتی نەتەوەیی).

لە زۆربەی چیرۆکەکاندا، لە یەکەمین خوێندنەوە تێدەگەین کە زمانێکی سادە لە نووسینەوەی ئەم چیرۆکانە بەکار هاتووە، نووسەر نەیویستووە خۆی بە رستەی سەخت و درێژ سەرقاڵ بکات و ئەو شێوە نووسینانە بەکار بهێنێت کە خوێنەر ماندوو دەکات، ئەمەش بۆ خۆی وای کردووە، ئەو کۆمەڵە چیرۆکە لە رووی هونەرییەوە ئاسان بێت بۆ کەسانێک ئاستی تێگەیشتن و زانیارییان باڵا نییە.

سەرچاوە:
ECHOES FROM THE OTHER LAND (STORIES)
AVA HOMA
TSAR PUBLICATIONS 2010